# تا خاوەن ماڵ دزی گرت، دز خاوەن ماڵی گرت!

**دەرسیم دیبەگەیی**

لەکاتێکدا ئەو کەسەی کە مافی خوراوە دەکرێت بەستەمکارو کەسی مافخۆریش واتە ستەمکارەکە خۆی دەکات بە مافخوراو، کورد دەڵێت " تاخاوەن ماڵ دزی گرت، دز خاوەن ماڵی گرت". واتە پێش ئەوەی تۆ باسی تاوانەکەی ئەو بکەیت، ئەو تاوانەکەی خۆی دەداتە پاڵ تۆ و دەتکات بە تاوانبارو خۆشی نەک بێتاوان بەڵکو بەستەملێکراو نیشان دەدات.

ئەو پەندە کوردییە رێک لەسەر عەرەبی داگیرکەرو مافخۆرو کوردی خاک داگیرکراو و ماخوراوی ناوچە بەعەرەبکراوەکان پراکتیسە دەکرێت. بەرلەوەی کورد بەو جاش عەرەبە هاوردانەی تەعریب بڵێت داگەرکەر، ئەوان بەکوردی خاوەن خاک و ماڵی خۆیان لە کەرکوک دەڵێن کوردەکان داگیرکارن. واتە پێش ئەوەی ئێمەی کوردی خاوەن ماڵ، عەرەبی (دزی) داگیرکەر بگرین، ئەوان کوردی خاوەن ماڵیان گرت و پێی دەڵێن تۆ بێگانەو داگیرکار و دزی. عەرەبە داگیرکەر و جاش تەعریبەکانی کەرکوک ڕۆڵەکانیان واتە ڕۆڵی داگیرکەرانەی خۆیان و ڕۆڵی ماف زەوتکراوی کوردیان جێگۆڕکێ پێکردووە. ماڵپەری ئاژانسی دەنگوباسی عێراقی (وكالە الاخبار العراقیە) کە لەلایەن عەرەبێکی تاسەر ئێسقان شۆڤینیست و دژ بەکورد، بەناوی سەرمەد عەبدولکەریم عەبدولجەلیل لە دانیماک-ەوە بەڕێوە دەچێت، لە ڕێکەوتی 17.1.2005 دا لەژێر ناونیشانی " گردبوونەوەی عەرەب لە کەرکوک: ئێمە و تورکمان نزیکبووینەوە لەوەی بڕیارێک بەم زووانە بدەین بۆ بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکانی کەرکوک". لەو هەواڵەدا هاتووە: سەرچاوەیەک لە گردبوونەوەی عەرەبی ڕایگەیاند، گفتوگۆکانی نێوان ئێمەو تورکمانەکان بڕیارێک دەدات دەربارەی بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکان، ئەمەش وەکو نارەزاییەکی توند لەدژی ئەو ڕێککەوتنەی کە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان کە کۆمیسیۆنێکی بێلایەن نییە، بڕیاری لەسەردا. هەروەها سەرچاوەکە ئەوەشی ڕاگەیاند، کە کوردەکان باش دەزانن ئەوکەسانەی کە داوادەکرێن بخرێنە نێو لیستی دەنگدەران، ڕۆڵەو خەڵکی کەرکوک نین و پرۆسێسی بەشداریکردنی ئەوانە لە هەڵبژاردنەکان لە کەرکوک- دا مانای مایەپووچی هەڵبژاردن دەگەیەنێت لەو شارەدا و شارەکەشی بە داگیرکراو ناوبردوو ئاماژەشی بەوەدا کە داگیرکردن زوویێت یان درەنگ هەر کۆتایی دێت".

گومانمان لەوەدا نییە کە گردبوونەوەی عەرەبی کۆمەڵە کەسێکن هەم لە جاش عەرەبە دە هەزاریەکان و هەم پاشماوەی ئەمن و ئیستخبارات و گاردی کۆماری و فیدائیانی سەدام و شۆفینیستی دژ بە کوردن. ئەوە تەنیا بیرو بۆچوونی عەرەبە داگیرکەرەکانی کەرکوک یان ڕاستتر براکانی مەسعود بارزانی و مام جەلال و پارتی و یەکێتی نییە، بەڵکو زۆربەی زۆری عەرەب بەشێوەی ئەوان بیردەکەنەوەو هەڵوێستی دوژمنانەیان هەیە لەبەرامبەر بە کوردو کوردستاندا.

ئەحمەد خواجە لە پەرتووکی "چیم دی" بەرگی سێیەم لاپەڕە 28 دا نووسیویەتی: (ڕۆژێ یەکێک لە فەرمانبەرەکانی هەولێر لەنامەیەکدا لەجیاتی متەسەڕفی اربیل، ... هەولێری نوسیبوو متەسەرف حەمید سرسر بانگی کرد ووتی: دایکت ناوی چییە؟

ناوی ....
باشە، ئەگەر پێی بڵێین (قەحپە) پێت خۆشە؟ ئیتر ئەم ناوە کوردیە لەبیر خۆتان ببەنەوە).
دەبوایە ئێمەی کورد، جنێوەکەی حەمید سرسر بەهەمەوو ئەو عەرەبانە بدەین کە بە کوردستان و کەرکوک و هەولێر دەڵێن: شمال العراق یان شمال الحبیب و التامیم و اربیل. کەچی ئەوان تا ئێستاش جنێوەکەی حەمید سەرسەری-مان پێدەدەن، ئەگەر وەکو ئەوان نەڵێین شمال العراق یان التامیم یان اربیل.
ئیسماعیل بێشکچی جوانی بۆچووە کە دەڵێت: کورد لەکاتی داگیرکردنەکاندا لەلایەن دوژمنەوە مەبدەئی ڕازی بوونیان هەبووە بۆ داگیرکردن، بەڵام بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو داگیرکاریانە هیچیان نەکردووە، بۆ ئەوەی وڵاتەکەیان بپارێزن. (کوردستان مستعمرە دولیە – لاپەڕە 296).
ئەوەی عەرەبی تەعریب و عەرەبەکان بۆ درێژەدان بەسیاسەتی داگیرکردن و بەعەرەبکردنی کوردستان دەیکەن کە کارێکی ناڕەوایە، تا ئێستا کوردی خاوەنی کوردستان و ناوچە بەعەرەبکراوەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی داگیرکردن و لەپێناوی لادانی ئەو زۆرداریە نەیانکردووە.
بێشکچی زۆر ڕاست دەکات، ئەوە نییە سەرکردایەتی کورد، عەرەبی داگیرکەر بە برای پشتەی کورد دەناسێنێ و بەرلەوەی داوای مافی ئاوارەکان بکەن، داوای قەرەبوو بۆ ئەوان دەکەن و بەقوربانیانی دەستی ڕژێمی ئەنفال و کیمیاباران ناویان دەبەن. ئەو ڕژێمەی کە تا دوا هەناسەی مابوو، پشتی بەو برایانە بەستبوو کە بریتی بوون لە ئامرازێک بۆ سەرکووتکردن و لەناوبردن و بەعەرەبکردنی کوردو کوردستان. ئێستاش هەر ئەو برایانەی کە بەزۆر بەسەرماندا سەپێندراون، بوونەتە بەشێک لە تیرۆریستان و ڕۆژانە دەیان کاری تیرۆریستی بەرامبەر بە کورد دەکەن و لەسەر ڕێگای ئیسلامی سەرمان دەبڕن.
نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەکانی 211 و 212ی پەرتووکی: کوردستانی عێراق: سەردەمی قەڵەم و موراجەعات 1928-1931، باسی ئەوە دەکات کە موزاحیم پاچەچی، وەزیری ناوخۆی عێراق، لەسەردانێکیدا بۆ سلێمانی لە مایسی 1931 دا، لە وتارێکیدا بۆ خەڵکی سلێمانی بەم شێوەیە دەدوێت: لەهەندێ کەسم بیست- لایەنگیری باوەڕ پێکردن نیم- کە هەندێ لەبرا کوردەکانمان مەزبەتەیان بۆ هەندێ جێگا پێشکەش کردوەو لەو مەزبەتانەدا نووسیویانە کە حکومەتی عێراقی دەربارەی کوردەکان پێچەوانەی ڕاسپاردەکانی کۆمەڵەی گەلان جولاونەتەوە لەبەرئەوە داوای دروستکردنی حکومەتێکی کوردیەیان کردوە لەژێر چاودێری ئینتیدابی بەریتانیادا. <u>تکا دەکەم ئەوەی کە بیستومە ڕاست نەبێ چونکە بەڕاست دەرچونی زۆر کارم لێدەکات بەسیفەتی ئەوەی کە دۆست و برایەکی نەتەوەیی کوردم بەوەی کە ناوبانگ و شەرەفی لەکەدار بکات. من یەقینی تەواوم هەیە کە نەتەوەی کوردیەی عێراقیەی نەجیبە قبوڵی ئەوە ناکات کە داواکاری وا بهێنە پێشەوە کە ناوبانگ و شەرەفی لەکەدار بکات).</u>
ئەوەیان عەرەبێکی خۆبەدۆست زانبوو وامان پێدەڵێت، ئەی عەرەبێکی خۆبەدوژمن زان دەبێت، چیمان پێبڵێت؟؟ ئەو بۆچوونە بۆتە بەشێکی گرنگی کولتووری عەرەبی و هەرکاتێ نەتەوەیەکی

ژێردەستەی ئەوان، داوای مافی ڕەوای خۆی بکات بە ئاژاوەچی، تێکدەر، بەکرێگیراوی ئیسرائیلی زایۆنی و ئەمەریکای ئیمپریالی و بێشەرەف ناوزەدی دەکەن. عەرەبی خۆبەزلزان، پێیوایە تا ژیان مابێت، ئێمەی کورد نابێت و بۆمان نییە، دەنگی ناڕەزایی خۆمان بەرزکەینەوەو داوای مافە ڕەواکانی خۆمان بکەین، بەڵکو هەر دەبێت لەژێر ستەمی پۆستاڵی ڕەشی ئەوان و شمشێرە ژەنگ گرتووەکانیاندا بمێنین بەبێ ئەوەی تەنانەت مافی ناڵاندنیشمان پێڕەوا ببینن.

کاتێ کە عەرەبی سەدەی بیستویەکەمی سەردەمی پێشکەوتن، عەولەمە، تەکنەلۆژیای نوێ و ئینتەرنێت دەبینم، گریانم بۆ باوو باپیرانی کوردم دێت ئاخۆ دەبێت عەرەبی سەردەمی جاهیلی و 1400 ساڵ بەر لەئێستا، چۆن ڕەفتاریان لەگەڵدا کردبن؟؟

هەرکاتێکیش کە دەبیستم سەرکردایەتی کوردو پارتە کوردستانیەکان بەو جۆرە عەرەبانە دەڵێن: برا عەرەبەکانمان"، بەزەییم بە سەرکردایەتی و پارتەکانیان و بە نەتەی کوردو کوردستان-یش دادێتەوە. سەرکردایەتی کورد و پارتە کوردستانیەکان باشیش دەزانن کە ئەوانە برامان نین و دوژمنمانن، بەڵام لەمەشیاندا نەڵەگەڵ ئێمەو نەڵەگەڵ خۆشیاندا ڕاستگۆ نین! وە ئەوەندەی بۆ هێنانەوە سەرپێی وولاتی تەپیوی عێراق هەوڵیاندا، چارەکی ئەوەش بۆ ڕێکخستنەوەی ناوماڵی کورد، خۆیان ئەزیەت نەدا!!

هۆنراوەیەکی فارسی هەیە هەرچەندە نازانم هی کێیە، بەڵام بەپێویستی دەزانم ئاماژەی پێبکەم کە دەڵێت:

وای قومی کشته تدبیر غیر
کار او تخریب خود تعمیر غیر

واتە: وای لەو نەتەوەیەی کوشتەی تەکبیرە بۆ بێگانەو کارەکەی دەبێتە دارمانی خۆی و نوێکردنەوەی بێگانە.

سێشەممە 19.1.2005 دانیمارک
Darsim88@hotmail.com